# بۆ هەموو ئافرەتێك
## كە بڕوای
## بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت


كۆكردنەوە ، وئامادەكردنی
أبو مسلم مجدي بن عبدالوهاب الأحمد
پێشەكی بۆ نووسینی
علي بن حسن بن الحلبي الأثري

وەرگێڕانی
دایكی سوننە
پێداچوونەوەی
مامۆستا عدنان بارام



دیاری دایكی سوننە بۆ سایتی بەهەشت
www.ba8.org

## پێشەكی شێخ :

# علي بن حسن بن علي الحلبي الأثري

**الحمد لله حق حمده ، والصلاةُ والسلام على نبيه وعبده ، وعلـى آلـه وصحبه ووفْده ... أما بعد :**

( **التميم الداري** ) ﷺ له ( **صحيح** ) ی ( **مسلم** ) دا ، لـه فەرمودەیەكدا له پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە كـە فەرموویـەتی : " **الـدين النصيحة** " ، واتە بە ڕاستی ئـایین تـەنها ئامۆژگاری یـە ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ سێ جار ئەو ووتەیەی دووبارە كردەوە ، هاوەڵانیش ﷺ فـەرموویان : بۆ كێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ ئـەویش فـەرمووی : " **لله ، ولرسـوله ، ولكتابه ، ولأئمة المسلمين ، وعامتـهم** " ، واتـە : بـۆ خـوای پـەروەردگار ، وپێغەمبەرەكـەی ، وكتێبەكـەی ، وبـۆ پێشـەوای موسـڵمانان ، وبـۆ هـەموو موسڵمانان بەگشتی .

ئاشكراشە كە ئافرەت بەشێكە لە كۆمەڵی موسـڵمانان وئـەم زاراوەیـە دەیگرێتەوە ، هەر ئەوە ( واتە : ئافرەت ) كە دایكێكی پـیرۆز وموبارەكـە ، هـەر ئەویشـە خوشـكی چـاك وبـۆ خـوا سـوڵحاو ، وكچـی گوێڕایـەڵ بـۆ فەرمانەكانی خـوای پـەروەردگار و پێغەمبـەرەكـەی ﷺ ، وە هـەر ئەویشـە خێزانی بەڕێز و چاك .

كەواتە بە چاكردنی ئافرەتان چین وتوێـژێكی گـەورەی كۆمـەڵگا چـاك دەبێـت ، بـە كاریگـەر بوونیـان ، وكاریگـەریان ، لـە ڕووی زانسـت ،

وكردەوەشدا ، ئەوەش لە بەر بەرزی جێگەیان لە كۆمەڵگا و گەورەیی پلە وپایەیان .

ئەم ووشانەش كە دەیانخوێنیتەوە هەمووو ووشەی ئامۆژگاری ، ودەستەواژەی ڕێنیشاندان ، ووتەی ڕێنمووی كارن ، دەخرێتە ڕوو ، برای بەڕێزمان : ( **أبو مسلم** ) كۆی كردوونەتەوە ، وئامادەی كردوون ، داواكارین لە خوای گەورە پاداشتی بداتەوە ، وخێرداری بكات ، وبیكاتە مایەی خێر بۆ خۆی وخوێنەرانی .

بەڵكو خوای پەروەردگار كەسانێكی دڵ كراوە وگوێرایەڵ ودەروون حەز لە خێری بۆ بڕەخسێنێ ، تەنها خوای پەروەردگاری پاك وبێگردیشە كە بیسەری ڕەها ، ووەڵام دەری داواكاریەكان .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**ووتن و نووسینی :**
**أبو الحارث علي بن حسن بن علي الحلبي**
19 / 6 / 1418 **ك**
**الزرقاء**

# ڕێخۆشكاری :

**الحمد لله رب العالمين ، والعاقبة للمتقين ، وصلى الله على محمدٍ وعلى آله وصحبه ومن اتبع هداهم إلى يوم الدين .**

خوێنەری بەڕێز ئەم ناميلكەيەی بەر دەستت ناميلكەيەكی بچوكە لە شێواز وقەبارەيدا ، بەڵام گەورە وگرانە لە ناوەڕۆك وواتايدا ، بۆ گوێ ڕايەڵان موژدە وهۆكاری جێگیر بوون و بەردەواميە ، وە بۆ جگە لەوانيش ياد خستنەوە ، و ڕاچەڵەكێنەر و سەرزنشتكارە ، نووسەر تێيدا بانگەشە بۆ ئەوە دەكات كە ئافرەتان پابەند بن بە باڵا پۆشی شەرعيەوە ، لە موسڵمانێكی ئامۆژگاری كار وخەم خۆر و بە غەيرە لە سەر شكاندنی سنور و قەدەغە كراوەكانی خوای پەروەردگار ، دەست پێكردن وسەرەتای نووسينەكەی لە سەر بنەوای باوەڕ بوونە بە خوای پەروەردگار و ڕۆژی دوای ، تيايدا هەندێك هۆكاری خستوەتە ڕوو كە ڕێگرن لەوەی كە ئافەرتان پابەند بن بە پۆشاكی شەرعيانەوە ، لەو هۆكارانەش : ڕۆشتن بەدوای خۆشی وچێژە كاتی وبڕاوەكانی دونيا ، ئارەزووە جۆراو جۆرەكانی ... هەروەها لەم نووسراوە ياد خستنەوەی تێدايە سەبارەت بە ڕووژی دوای ، ئەو هەموو موحاسەبە ، وسزادانانەی كە چاوەڕێی تاوانباران دەكات ، وە بانگەشەش دەكات بۆ تەقوا و لە خوا ترسان ، و وەستان لە ئاست وسنوری هەموو فەرمان ، ونەهی لێكراوەكانی ، بەتايبەت ئەوانەی كە پەيوەستن بەو پۆشاكە شەرعييەی كە پێويستە لە سەر ئافرەتان لە كاتی لە ماڵ

دەرچـوونیان یـان لـە كـاتی دەركـەوتنیان وبەرچـاو كـەوتنی نامـەحرەمان بیپۆشن .

پاشـان مەرجـەكانی ئـەم پۆشـاكەی بـە كـورتی ڕوون كردووەتـەوە ، وكۆتـایی بـە نامیلكەكـەی هێنـاوە - خـوای پـەروەردگار پاداشـتی خێـری بداتەوە - بە چەند بابەتێك كە لە دوور ونزیكەوە پەیوەستن بە حیجابـەوە ، هەوڵ كۆششی بۆ ئەوە بووە كە بـاڵا پۆشـی ئافرەتـان تـەواو وتێـر تەسـەل بێت ، لە واتا ، و پەیڕەویشدا .

پێویستە لێـرەدا نـەختێك بووەسـتین : ئـەوەش بـۆ ئـەوەی ئافرەتـان بزانن كـە خـوای شـەرع دانـەر و دانـا باڵاپۆشـی لـە سـەر ئافـەرت پێویسـت نـەكردووە تـەنها پارێزگـاری وپاراسـتنی شـكۆداری خـودی ئـافرەت بێـت ، بەڵكو پێویستی كـردووە بـۆ ئـەوەی ببێتـە بەربەسـت وداخـەری ڕێگـەكانی فیتنەی لە سەر پیاوان ، ولە كەوتنە تاوانیانەوە با هەرچەندە كەمیش بێـت ، بۆیـە دەرچـوون ئافرەتـان لـەماڵ بـە نەپۆشـتەیی وسـفوریانەوە تـاوانی ئەوەشیان دەخاتە سەر - سـەرەڕای ئـەوەی كـە كردەوەكـەیان پێچـەوانەی فەرمانی خوای پەروەردگارە - كە تاوانی هەموو ئەوانەشیان بێتـە سـەر كـە بە هۆی ئەوانەوە تووشی تاوان دەبن تووشی فیتنەیان دەكەن ! ! !

وە با ئەو خوشكە بەڕێزانەشمان بە ئاگا و وریا بن لە ووتەیەی كـە زۆر جار دووبارەی دەكەنەوە كە گوایا (( **پۆشینی بـاڵا پۆش یـان واز لێهێنـانی سەربەسـتی وئـازادی كەسـایەتی خۆیانـە !!** )) ، یـان (( **بـاڵا پۆشـەكەم نـا پۆشـم هـەتاكو قـانع و ڕازی نـەبم پـێی !!!** )) ، چـونكە لـەم بـارەدا باوەڕەكەی ڕووشاوی دەبێت .

داواكاری وبانگەشەی منیش بۆ خوشكانی موسڵمانم ئەوەیە كە پێش بڕكێ پەلە بكەن بۆ پابەند بوون بە فرمانەكانی خوای گەورە ، وئەوەشیان یاد دەخەمەوە كە خوای باڵا دەست وبەرز وبڵند فەموویەتی : ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا ﴾ [1].

واتە : بۆ هیچ بڕوادارێك نییە پیاو بێت یان ئافرەت ، ئەگەر خوای پەروەردگار وپێغەمبەرەكەی ﷺ بڕیار وفرمانێكیان دابێت ، كەمتەرخەم وبێ هەوڵ بێ لە ئەنجامدانی بڕیار وفرمانەكانیان وشوێنی ئارەزووەكانی بكەوێت ، ودوو دڵ بێ لە ئەنجامدانیدا ، ئەو كەسەش كە سەرپێچی خوای پەروەدگار وپێغەمبەرەكەی بكاتەوە ، ئەوا گومڕاییەكی ئاشكرا گومڕا بووە .

لە گەڵ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خواش ﷺ كە دەفەمووێت : " **إن الله يغار ، وإن المؤمن يغار ؛ وغيرة الله أن يأتي المؤمن ما حرم عليه** " [2].

واتە : خوای پەورەدگار غەیرەدەكا ، وبڕوادارِیش غەیرە دەكات ، غەیرەی خوای پەروەردگار بەرامبەر بە شكاندنی سنور وئەنجامدانی قەدەغەكراوەكانێتی لە لایەن بڕوادارانەوە .

وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

**أنيسة الألباني**

**أم عبدالله**

27 / **رجب** / 1418 **ك**

---

[1] **( سورة الأحزاب : 36 ) .**

[2] **( متفق عليه ) .**

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەكی :

**إن الحَمد للهِ نحمده ونستعِينه ونستغفِره ونعوذُ بِـ ( الله ) مِن شرورِ أنفُسِـنا ومِن سيئاتِ أعمالِنا من يهدِهِ ( الله ) فَلا مضِل لَه ومن يضلِلْ فَلا هادِي لَه ...**

**وأشهد أنْ لا إلهَ إلاّ ( الله ) وحده لا شرِيك لَه ...**

**وأشهد أن محمداً عبده ورسولُه ...**

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ [1] .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ [2] .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ [3] .

**أما بعد : فَإن أصدق الحَدِيثِ كِتاب ( الله ) وخير الهَدي هدي محمدٍ ﷺ وشر الأمورِ محدثَاتها وكُل محدثَةٍ بِدعةٌ وكُل بِدعةٍ ضلالةٌ وكُل ضلالةٍ فِي النار [4] .**

---

[1] **( سورة آل عمران : 102 ) .**

[2] **( سورة النساء : 1 ) .**

[3] **( سورة الأحزاب :70 ـ 71 ) .**

[4] ئەم ووتارەی سەروە ناسراوە بە ( **خطبة الحاجة** ) پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەرەتای هەموو ووتار و ئامۆژگاری و دەرسەكانیدا دەیخوێندەوە ، و هاوەڵە بەڕێزەكانیشی ﷺ فێر دەكرد ـ هەروەك چۆن

بەڕاستی ئەم نووسراوە نامیلكەیی كورتە لە ووشەكانیدا ، مەبەستم لە نووسینی ئامۆژگاری ئەو خوشكانەمانن كە ڕێگەیان لێ وون بووە ، ولە كردەوەكانیاندا شوێنی شەیتان كەووتوون ، دونیای دوا بڕاوە كۆتایی پێهاتوو هەڵی خەڵەتاندون وخەریكی كردوون ، چەندەها باس وبابەتی گرنگم تیادا خستوەتە ڕوو ، وكە پێویستە لە سەر ئافرەتان وریایان بن و زیاتر بایەخیان پێ بدەن ، وە ناویشم لێ ناوە ( **إلى كل امرأة تؤمن بالله واليوم الآخر** ) ، واتە : ( **بۆ هەموو ئافرەتێك كە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت** ) ، داواكاریشم لە خوای گەورە كە ئەم نامیلكەیە بكاتە مایەی سوود مەندی خوشكانی موسڵمانم ، وڕێنموویشیان بكات بۆ ئەوەی كە خۆی پێی خۆشە وپێی ڕازیە [5].

**ووتن و نوسینی :**

**مجدي بن عبدالوهاب الأحمد**

**( أبو مسلم )**

---

سورەتێك لە سورەتەكانی قورئانی فێربكردایەن ـ كە ئەم ووتارە لە هەموو بۆنەیەكیاندا بخوێننەوە ، بۆ زیاتر شارەزا بوونیش بگەڕێرەوە بۆ كتێبی ( **خطبة الحاجة** ) ی پێشەوا و فەرموودەناسی سەردەم شێخ ( **محمد ناصرالدين الألباني** ) ـ بە ڕەحمەت بێت ( **مامۆستا عدنان** ) .

[5] مەرجی ئەوەم داناوە كە هەموو فەرموودەكانی ئەم نامیلكەیە ( **صحيح** ) ، یان ( **حسن** ) بن ، جا ئەگەر لە یەكێك یان لە هەردوو ( **صحيح** ) ی پێشەوا ( **البخاري** ) ، , ( **مسلم** ) دا هەبێت ، ئەوا تەنها ئاماژەم بەوە داوە ، ئەگەر نا ئەوا ئاماژەم بە كتێبەكانی پێشەوا و فەرموودە ناسی سەردەم شێخ ( **محمد ناصرالدين الألباني** ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ داوە .

## بۆ هەموو ئافرەتێك كە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت

... بەڵام ڕێگەیان لێ هەڵە بووە ، وە ئەوەی لە یاد چووە ـ یان شەیتان لە بیری بردوونەتەوە ـ كە مانەوەیان لە دونیادا كاتی و كەمە ، بەڵكو هەر زۆر كەمە ، و سەردەمی لاوێتی دەڕوات و نامێنێت ، و جوانیەكەشی بەهەمان شێوە لە ناو دەچێت و نامێنێت ، و گەشی و درەوشاوەیی لە ناو دەچێت ، ئەوەش : بە مردنێكی نزیك و خێرا ، یان بە پیریەك كە لە ڕێگەی هەمووانە و دێت ، و بە هیچ شێوەیەك دەرچوون نیە لە دەستی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَاتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللّهِ ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ ﴾ [6] .

واتە : خۆتان بپارێزن لەو ڕۆژەی كە دەگەڕێنەوە تیایدا بۆ لای خوای پەوردگار ، پاشان هەموو كەسێك پاداشت دەدرێتەوە لەو كردارانەی كە ئەنجامی داون ، و دڵنیاش بن كە كەس لەو ڕۆژەدا ستەمی لێ ناكرێت .

**خوشكەكەم :** بە ڕاستی تەقوا ، و لە خوا ترسان كلیلی هەموو چاكەیەكە ، و هەر ئەویشە هۆكاری خۆش بەختی دونیا ، و دواڕۆژ .

لەوەش دڵنیا بە كە هەموو ئەو سزا و موسیبەتانەی كە بەسەرتدا دێت بە هۆی گوێنەدانتە بە لە خوا ترسان ـ یان لە بیر كردن و ئەنجام نەدانی ـ یان لە خوا دەترسی بەڵام گوێ نادەی بەهەندێكی .

هاتنە دەم بانگەواز و فرمانی خوای گەورە ، و دوور كەوتنەوە لە تاوان و سەرپێچیەكان ، هۆكاری خۆشی و خۆش بەختی دونیایە ، و

---

[6] ( سورة البقرة : 281) .

سەرفەرازیە لە دوا ڕۆژدا ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴾ [7] .

واتە : ئەوانەی کە دەڵێن : پەروەردگارمان ( ﷲ ) یە ، و هەر ئەویشە دروستکار و خاوەن و بەڕێوبەری کارەکانمان ، پاشان بەردەوام دەبن لە سەری ، واتە : لە سەر ئەو ووتەیەیان کە ووتوویانە : ( ﷲ ) پەروەردگارمانە ، ئەوا فریشتە لە دوای فریشتە دێنە لایان ، و پێیان دەڵێن : مەترسن لەوەی کە دێتە ڕێتان ، و خەم مەخۆن و بێتاقەتیش مەبن لەوەی کە کردووتانە ، و ڕۆشتووە ، و پێیان دەڵێن : موژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کە پێشتر پەیمانتان پێدرا بوو ، هەروەها پێشیان دەڵێن : ئێمە پاڵپشیتن بۆ ئەوانەی کە دەڵێن : پەروەردگارمان ( ﷲ ) یە ، و پاشان بەردەوامن لە سەری ، لە ژیانی دونیادا وایان لێ دەکەن کە ڕاستیەکان بپێکن ، و یارمەتی دەریشیان دەبن ، هەروەها فریشتەکان لە دوا ڕۆژیشدا پێیان دەگەن ، لە ڕۆژی زیندوو بوونەوە ، و لێپرسینەوەش پێیان دەڵێن ، و موژدەی ئەوەشیان پێ دەدەن کە لە بەهەشتدا هەرچی دەروون حەزی لێ هەبێت ، و داواکاری بێت ، و چاو چێژیش لێ وەرگرێت پێتان دەبەخشرێت ، و ئەوەش کە داوای دەکەن لە بەهەشتدا هەیە .

**خوشکەکەم :** بێگومان خوای پەروەردگار زانا، و بە ئاگایە لە وەی کە لە دەروونتدا هەیە ، و دەشزانی و بە ئاگایە لەو پەنهانیانەی کە لە دڵتدایە ،

---

[7] ( سورة فصلت :30 ـ 31 ) .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ ﴾ [8] ، كەواتە لە خوا بترسە و بە ڕەقیبی بزانە بە سەر خۆتەوە ، لە پەنهانی و ئاشكراییەكانتدا ، چونكە ئەگەر تۆ خوای گەورە نەبینیت ، خۆ بێگومان بە لەوەی كە ئەو بە بەردەوامی تۆ دەبینێت .

وە هەوڵی ئەوە بدە كە هەموو كردارێكت تەنها لە بەر ڕەزامەندی ئەو بێت ، چونكە كردارەكان ئەگەر تەنها لە بەر ڕەزامەندی ئەو ، و لە سەر ڕێگە و سوننەتی پێغەمبەرەكەی نەبن ﷺ ئەوا وەر ناگیرێن ، و دەدرێنەوە بە ڕووی خاوەنەكەیدا ، ئەوەش لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە تێیدا فەرموویەتی : **" من أحدثَ في أمرنا هذا ما ليس فيه فهو رد "** [9] ، واتە : هەر كەسێك تازەگەریەك ئەنجام بدات لەم ئایینەی ئێمە و لە ئایینـدا نەهاتبێت ، ئەوا بە ڕووی خاوەنەكەیدا ڕەت دەكرێتەوە ، بەڵكو دەشبێت بە تاوانێك بە سەریەوە ، لە بەر ئەوەی كردەوەكەی بۆ غەیری خوا ئەنجام داوە ، كە لە ڕاستیدا دەبووایە تەنها بۆ خوای پەروەردگار ئەنجام بدرایە ! !

**خوشكە بەڕێزەكەم :** بزانە كە ڕۆژی دوایی و قیامەت دێت ، و هیچ ڕاكردن و ئەم لا و ئەو لایەك نی یە لە دەستی ، لەو كاتەشدا هیچ سوودت پێ ناگەیەنێت جگە لەو كردارانە نەبێت كە بە گوێڕایەڵی بۆ خوای پەروەردگار ئەنجامت دابن ، ئەوەش بزانە كە نە مێرد و نە باوك ، و نە منداڵ و نە ماڵ و سامان سودت پێ ناگەیەنن ، چونكە هەموو ئەوانە

---

[8] ( سورة الملك : 14) .

[9] ( البخاري : 2697 ، ومسلم : 1718 ) .

خۆشیەكی براوەن و نامێنن .

كەواتــە هەركەسـێك بلّێـت : بـاوكم ئـەو شـتانەی ناوێـت !!! یـان مێردەكەم ئەو شتانەی ناوێت !!! یان هـەر ووتەیـەكی تـر لـەو شـێوانە ، ئـەوە هــەموو بــڕ و بیــانوون هیچــیان نابێتــە بەهانەیــەك **( عـــذر )** بـۆ بێژەرەكانیان لە لای خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دوای ، لـە كاتێكدا هـەموو خۆیان بێ بەری دەكەن تەبڕای خۆیان دەر دەبڕن ، و دور دەگرن لە كـەس و كاریان بەڵكو لە نزیك تـرین كەسـوكاریان دور دەگـرن ، ﴿ يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ ﴾ [10] .

واتە : ڕۆژێك دێت كە مرۆڤ لە برا و دایك و باوك و هاوسـەر و ڕۆڵـەكانی ڕادەكات ، لەو ڕۆژەدا هەركەس و سەرقاڵی حاڵی خۆیەتی و نایپەرژێتە سەر كەسی تر .

**خوشــكەكەم :** ئایـا ئەگـەر ژیـانی دونیـا بـۆ تـۆ هــەزاران سـاڵ درێـژ بكرێتەوە ، پاشان تـۆ لـە دوا ڕۆژدا ـ ئەگـەر بـۆ تـەنها ڕۆژێكیش بێـت ـ لـە ئـەهلی دۆزەخ بیـت ـ خـوا پـەنات دات ـ بـەها و نرخـی هــەموو دارایـی و ڕازاوەیــی و خۆشــی ، ئۆتۆمبیـــل ، و ناوماڵـــە ، و جـــوانی ، و هـــەموو ڕووكەشیەكانی دونیا چیە بۆ تۆ ؟!!! خوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾ [11] ، واتە : هــەر ڕۆژێـك لـەو ڕۆژانەی لای پەروەردگارت بەرامبەر بە هەزارساڵی ئێوەیە .

---

[10] ( سورة عبس : 34 ـ 37 ) .

[11] ( سورة الحـج : 47 ) .

جا چی دەکەیت ئەگەر تۆ لەوانە بیت کە لە ناو دۆزەخدا بە هـەزارەها ساڵ دەمێنیتەوە ؟!! ئەو ئاگرەی کە لە کاتی باسـکردنیدا مێشـك سەرسـام دەبێت ، وە دڵەکانیش لە ترسی دیمەنەکەیدا ڕا دەچەڵەکێن ، و دەتـۆقێن ، ئەو ئاگرەی کە هەموو پێست و گیان دەسووتێنێت ، بەراسـتی ئـازاری ئـەو ئاگرە ترسناك و ئازاردەرە .

وە مـردنیش لـەو کاتـەدا نـی یـە ، خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُم مَّاكِثُونَ﴾ [12] .

دۆزەخیەکان لە ناو دۆزەخدا هـاوار دەکـەن و دەڵـێن : ئـەی مالـك بـە پەروەردگاری خۆت بڵێ با ئێمە لـە نـاو بـەرێت ، بـۆ ئـەوەی ڕزگـار بـین لـە ئەشکەنجە و ئازاری دۆزەخ ، بەڵام وەڵامەکەیان ئەوە دەبێت : کە ئێوە بـە هەتا هەتایی دەمێننەنەوە .

**خوشکەکەم** : حاڵت چۆن دەبێت ئەو کاتەی کە پـردی **(صراط)** ـ ئـەو پردەی کە زۆر لە شمشێر تیژترە ، و لە موویش باریك ترە ـ بە سەر پشـتی دۆزەخدا ڕابخرێت ، بۆ ئەوەی کە هەموو خـەڵکی بەسـەریدا تێپـەڕ بـبن ، و هیچ کەسێکیش لێی ڕزگار و سەرفراز نابێـت جگـە لـەو کەسـانە نـەبێت کـە دونیادا کردەوەی چاکی ئەنجام دابێت ، خـوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا ﴾ [13] .

واتە : بێ گومان هـەر یـەکێك لـە ئێـوە دەبێـت بـە سـەر جەهەننەمـدا

---

[12] **( سورة الزخرف : 77 ) .**
[13] **( سورة مريم : 71 ـ 72 ) .**

تێپەڕێت ، كە ئەویش تێپەڕینە بە سەر پردی **( صـراط )** دا ، پاشان بە پێی كردەوەكان خوای پەروەردگار چاكەكاران ڕزگار دەكات ، و خراپەكان دەخرێنە ئاگری دۆزەخەوە .

**جا خوشكی بڕوا دارم :** تەقوای خوا بكە و لەو ڕۆژە بترسە كە چاوەڕوانتە ، و نەكەی وەسف و مەدحی خەڵكت لە لا پێشتر بێت بۆ جوانی و جلەبەرگ و ئەو خۆشیانەی كە دەڕۆن و كاتین ـ سەرەڕای ئەوەی كە پارە و پولێكی زۆرت لە پێناویاندا خەرج كردووە ـ ، و كارت تێ بكەن و پێشیان بخەی بە سەر ژیانی نەبڕاوەی هەتا هەتایی دوا ڕۆژدا ، بەو كارەت ژیانێكی بڕاوەی دونیا بە دەست دێنیت ! ! ! پاشا ناترسی خوای پەروەردگار ـ كە خۆی سەیرت دەكات ، و دەشزانێ چی دەكەیت ـ سزایەكت بنێرێتە سەر .

**خوشكەكەم :** پێت چۆنە ئەگەر تۆ چاكە بكەیت لە گەڵ ئافرەتێكدا بە درێژای ژیانی ، جل و بەرگی بۆ بكڕیت ، و خواردن و خواردنەوەی بۆ بكەی ، كەچی ئەو ئینكاری ئەو هەموو چاكەیە بكات كە تۆ بەرامبەر بە ئەو ئەنجامت داون ، و كردووتن ! ! ئایا تۆ ئەو ئافرەتەی كە ئینكاری هەموو ئەو چاكانەی كردوویت بە خراپ نازانیت ، و ناڵێت شایستەی سەرزەنشت ، و سزا دانە ؟ ! !

نمونەی بەرزی بۆ خوای پەروەردگار .

بە ڕاستی خوای پاك بێ گەرد نیعمەتێكی زۆری هەمە جۆری لە نیعمەتەكانی خۆی بە سەردا ڕشتووی ، هەر لەو كاتەی كە لە سكی دایكدا بووی ، تاكو ئەو ڕۆژەی كە دەمریت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی :

﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللّـهِ﴾ [14] ، واتە : هـەموو ئـەو نیعمەتانـەی کـە لـە ئێوەدا هەیە ، هەموو بەخششی خوای پەروەردگارە ، جا نازانم پێت چۆنە کە بەرامبەر ئەو هەموو نیعمەتانەی کە خوای گەورە داونیەتی بە تۆ ، و لـە ژماردندا نایەن ، تۆ بە تاوان ، و سەرپێچی ، و دژایەتی کردنـی فرمانـەکانی شـوکرانە بـژێریان دەکەیتـەوە ، بـەڵکو بانگەشـەش دەکـەی بـۆ سەرپێچـی کردنی و بەندەکانی تووشی خراپەکاری بکەی .

**خوشکی من :** ئەگەر بە خۆڕازاندنەوە ، و جوانکاریتەوە هاتیتە دەرەوە بۆ ناو خەڵك ، زمانی حاڵی ئەو کارەت وەکو ئـەوە وایـە کـە کاڵایـەکت دانـا بێت ، و خستبێتتە ڕووە ، و دەتەوێت خـەڵك بیکرێـت ، بۆیـە هەریەکـە بـۆ خۆی تێر و پڕ تەماشای دەکات ، و ئەوی تریش دێت ، و تەماشای دەکات ، جگـە لـەوەی کـە دڵ و مێشـکی لاوان تێـك دەدەیـت ، و کاتــەکانیان بــە سەرپێچی خوا پێ دەبەیتە سەر ، هەموو ئەمانەشت تەنها بۆ ئەوەیە جـوان قەشنگ و ڕازاوە بیت ، بێ ئەوەی گوێ بدەی بە پـەروەردگار و ڕەزامەنـدی بەرامبەر بە کردەوەکانت .

**خوشـکەکەم :** ئایـا ڕازی دەبیـت کـە تـۆ هۆکـار بیـت لـە چـونی بـرا موسڵمانەکەت بۆ ئاگری دۆزەخ لە ڕۆژی دواییدا ؟! !

جا خوشکم وریابە و لە خوای بترسە ! !

**خوشکەکەم :** بزانە کە خوای گەورە مۆڵت دەدات ، بەڵام شـت لـە بـیر ناکات ، نەرم و نیان و بەخشەندەیە ، پاکی و بێگەردی و بەرز و بڵنـدی بـۆ ئەو خوایە ، ئەوەش بزانە کە خوای گەورە تۆڵە سێن ، و سزا دانی سەخت

---

[14] ( سورة النحل : 53 ) .

و بە ئازاری هەیە ، و توند و تیژیشـە ، دە وریـا بـە داوای ڕەحـم و بـەزەیی بکـە ، هــەروەها داوای لێخـۆش بـوون بکـە ، و بگـەڕێرەوە بـۆ لای خـوای پەروەردگار پێش ئەوەی کۆتایی بێـت بـەو ئەجەلـە دیـاریکراوەی کـە بـۆت دیاری کراوە ، گەڕانەوەش لەو ساتەدا نی‌یە ، هەروەکو خـوای پـەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ حَتَّى إِذَا جَاء أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ (15) .

واتە : کە مردن یەخە بە یەکێکیان لە خراپەکاران دەگرێت ، دەڵێـت : ئەی پەروەردگارم بمگێڕەوە بۆ دونیـا بـەڵکو لـەو کـردەوە چـاکانە ئـەنجام بدەم کە لە دەستم چوون و ئەنجامم نەداون ، وەڵامەکەشی ئـەوە دەبێـت : نەخێر گەڕانەوەت نی‌یە و ئەوەش کە دەیلێت جگە لـە وتەیـەك نـەبێت هـیچ سودێکت پێ ناگەیەنێت ، چونکە ئەگەر بشگەڕێنرێتەوە جگە لە خراپەکاری هیچی تر ئەنجام نادات ، و بە مردنیش بەربەستێك لە نێوان ئەوان و دونیادا دەدرێت وگەڕانەوەیان نی‌یە تا ئەو ڕۆژەی کە زیندوو دەکرێنەوە .

وە هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللّهَ يَجِدِ اللّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ (16) .

واتە : ئەو کەسەی کە کردەوەیەکی خراپ ئەنجام بدات ، یان ستەم لە خۆی بکات ، پاشان تۆبە بکات ئەوا دەبینێت پەروەردگاری ئـەو لێبـوردە ، و بە بەزەیی‌یە بەرامبەر بە بەندەکانی .

---

(15) ( سورة المؤمنون : 99 ـ 100 ) .

(16) ( سورة النساء : 110 ) .

**خوشکەکەم :** بەڕاستی خوای گەورە بەخشندە و بە بەزەیی‌یە ، و لە هەموو تاوانەکان خۆش دەبێت ئەگەر بە قەدەر کێوەکانیش بێت ، بەڵام ئەو لێخۆشبوونە بە :

- گەڕانەوەیەکی ڕاستەقینەی بەندەکانە بۆ لای خوای پەروەردگاریانە لە هەموو تاوانەکان ( واتە : **التوبة** ) .
- وە کتوپڕ وازهێنانی لەو تاوانەی کە ئەنجامی دەدات ( واتە : **الإقلاع** ) .
- لە گەڵ پەشیمان بوونەوەی لەوەی کە ئەنجامی داوە ( واتە : **الندم** ) .
- وە هیمەت و عەزیمەتیشی هەبێت کە جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ ئەنجام دانی ئەو تاوانە ( واتە : **العزیمة علی عدم الرجوع** ) .
- لە گەڵ بوونی هیمەتێکی ڕاستەقینە و عەزیمەتێکی پتەو ، بۆ گوێڕایەڵی کردن خوای پەروەردگار و ئەنجامدانی چاکەکاری پەرستشەکان ( واتە : **العزیمة علی الطاعة** ) .
- لە گەڵ دور کەوتنەوە لە هەموو ئەوانەی کە نەهی لێ کردوون ( واتە : **العزیمة علی اجتناب نواهیه** ) .

خوای پەروەدگار فەرموویەتی : ﴿ قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴾ (17) .

واتە : بڵێ بەو بەندانەی کە زیادڕەویان کردووە لە تاوان کردندا ، بێ

(17) ( سورة الزمر : 53 ) .

ئومێد و مەئیووس نەبن لە ڕەحم و بەزەیی خوای پەروەردگار ، چونكە خوای پەروەردگار لە هەموو تاوانێك خۆش دەبێت ، هەر ئەویشە لێبوردە ، و بە بەزەییە بەرامبەر بە بەندەكانی .

بەڵكو خوای گەورە زۆر بەخشندە ، و سەخاوەت مەندە ، ئەگەر بەندەكەی تۆبە بكات ، و بگەڕێتەوە ئەوا ئەویش تاوانەكانی بۆ دەگۆڕێت بە چاكە ، پاك و بێگەردی بۆ خوا : تاوانكردن ئەگەر ئەوەندەی كێوێك بێت دەكرێت و دەگۆڕێت بۆ ئەوەندەی كێوێك لە چاكە ، ئەوەش بە بخشش و چاكەی خۆی ، خوای پەروەدگار فەرموویەتی : ﴿ إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ [18] .

واتە : جگە لەوانەی كە تۆبە دەكەنەوە ، و باوەڕیان هێناوە ، و كردەوەی چاك ئەنجام دەدەن ، ئەوانە خوای پەوەردگار تاوانەكانیان بۆ دەگۆڕێت بە چاكە ، و یارمەتی دەریان دەبێت بۆ ئەنجام دانی چاكە ، وە خوای پەروەردگار لێ بووردە و بە بەزەییە بەرامبەر بە بەندەكانی .

**خوشكەكەم :** وا دەزانم ووتەكانم كاریگەریەكی زۆری لە سەرت هەبوو بێت ، و فرمێسكێكی زۆرت ڕشتبێت لە خەمدا ، لە سەر ئەو تەمەنە درێژەی كە لە دەست چووە ، ئەو تەمەنەی كە تۆ هۆكارێك بوویتە لە پێهەڵخلیسكانی زۆرێك لە برا موسڵمانەكانت ، لەو كاتانەی كە تۆ خۆتت لێ دەڕازاندەوە ، و خۆتت بۆن خۆش دەكرد ، و لە ماڵ دەردەچوویت بە جل و بەرگێكی زۆر تەسك و تەنگ و ناسكەوە ، كە هەموو جوانیە شاراوەكانی

---

[18] ( سورة الفرقان : 70 ) .

لەشتیان دەردەخست !!! وە شتانێکت بە کار دەهێنا و ئەنجامت دەدان کە ئەوەی بتیبینیایە بە ئارە زووی خۆی و بە هیچ ڕێگرێك تەماشات دەکات چێژی لێ وەردەگردیت ، هەموو جوانی و لاوێتیت پێ دەبەخشی و دەخستە بەر دەستی ، بۆ ئەوەی بە کەیف و هەوەسی خۆی تەماشات بکات .

**ئەی خوشکی چاکەکارم :** ئەگەر دڵت نەرم بووە ، و دەروونت داوای ڕەوایت لێ دەکات ، و مل کەچی دادوەری دروستکاری گەورەت بوویتە ، ئەو خوایەی کە ڕەوشت و توانای دروستکراوەکانی دەزانێت ، دەشزانێت چیان پێویستە ، و چاکە بۆیان ، و چاکەشی بۆ دەوێن ، پێویستە لە سەرت ڕێگەی سەر فرازی بناسیت ، و هەموو حوکمەکانی ئایینەکەت بزانیت ، و شوێنی هەموو فرمانەکانی خوای دانا و زانا بکەویت ، ئەو خوایەی کە فرمانی پێ کردوویت بە چەندەها فرمان ، و نەهیشی لێ کردوویت لە چەندەها قەدەغەکراو ، بۆ ئەوەی لە خۆش بەختان بیت لە دونیا ، و دوا ڕۆژیشدا .

وە ئەو خۆشبەختیەش بە دەست ناهێنیت تاوەکو ڕەوایی و ناڕەوایی لە یەك جیا نەکەیتەوە ، و ڕاستیش لە هەڵە جیا نەکەیتەوە ، لە هەموو کردار و ڕەفتارێکتدا .

**خوشکەکەم :** گوێ مەدە ووتەی ئەو کۆمەڵە ناڕەوایانەی کە دەڵێن : (( **بیروباوەر لە دڵدایە !!!** )) ، بە ڕاستی ئەوە ڕێگەیەکی شەیتانانەیە ، و شەیتان دەیەوێت خەڵکی پێ سەرگەردان بکات ، و دووریان بکاتەوە لە ئەو ڕەواییەی کە خوای پەروەردگار دایبەزاندووە ، تاوەکو واز بێنن لەو کردار و ڕەفتارە چاك و ئاشکرایانەی کە پێویستە لە سەریان ئەنجامیان بدەن ،

بەوەش پلە پلە بیانبات بۆ ئەنجامدانی تاوان ، و سەرپێچی .

بە ڕاستی ئەو بیروباوەڕەی كە شەرع داوای لێ كردووین ، ئەو بیروباوەڕەیە كە سەرەنجامی ئەنجامدانی كردەوە چاك و ڕەواكانە ، كە بە پێی فەرمانی خوا ، و پێغەمبەرەكەی دەبن .

**كەوا بوو بیروباوەڕی شەرعی :** ئەوەیە كە لە ناو دڵدا جێگر بوو بێت ، و كردەوەكانیش بە ڕاستی بخەنەوە بە پیادەكردن و ئەنجامدانیان .

**خوشكەكەم :** هەروەها گوێ مەدە بەو كۆمەڵە پوچەڵەی كەوا دەڵێن : (( خۆداپۆشین بەندكردن ، و سەركوتكردن بێبەشكردنە ... هتد )) ، و چەندەها شتی تری خراپ كە ئەو كۆمەڵە پووچەڵە بڵاوی دەكەنەوە ، چونكە خوای پەروەردگار فەرمانی نەكردووە بە خۆداپۆشین بۆ ئەوەی بەندكردن ، و سەركوتكردن بێبەشكردن بێت ، بەڵام خۆداپۆشینی گێڕاوە بەوەی كە داپۆشەر و پاكێتی و پارێزەر بێت ، و شكۆداری و ڕووناكی بێت ، وە دایناوە بەوەی كە پارێزەری ئافرەتانی موسڵمان بێت ، بۆ هەركوێیەك دەرچن ، هەروەكو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ [19] .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و كچەكانت و ئافرەتی بڕواداران بڵێ با جلبابەكانیان ( جلبابیش : واتە : عابا ) بدەن بە خۆیاندا ، ئەوەش نزیك ترە بۆ ئەوەی كە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری

---

[19] ( سورة الأحزاب : 59 ) .

تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

**خوشكەكەم :** بزانە كە خوای بلّند و بالاّ دەست پلە و پایەیەكی بەرزی بۆ ئافرەتان داناوە ، هەر بۆ ئەوەشە كە فرمان پێكدنی بە پۆشاكی شەرعی وە خۆداپۆشین ڕێز لێنان ، و پلە بەرزی یە بۆ ئافرەتان ، وە پارێزەریشە بۆی بۆ ئەوەی نەبێت بە كالایەكی بێ نرخ هەریەكە بە وویستی خۆی هەرچۆنێك و هەر كاتێك بیەوێت تەماشای بكات ، وە بۆ ئەوەی ئەم پۆشاكە بێتە هۆكارێك بۆ دەست درێژی نەكردنە سەری ، ڕێگر بێت لە هاندانی گەنجان بۆ خۆی .

جا بۆ ئەوەی ئەو پۆشاكە پۆشاكێكی شەرعی بێت ، هەروەكو چۆن خوای گەورە ، و پێغەمبەرەكەی ﷺ فەرمانیان پێكردووە ، دەبێت چەند مەرجێكی شەرعی پێویستی تێدا بێت ، لەوانە :

1 / **دا پۆشەری هەموو لەش بێت ، دەست و ڕوومەت نەبێت** [20] **:** هەر چەند داپۆشینی ئەو دووانەش باشتر و تەواوتر و چاكترە ، لە بەر هەموو

---

[20] بەلاّم سەبارەت بە پێكانی ئافرەت بەهەمان شێوە بە عەورەت دەژمێردرێن ، و پێویستە داپۆشرێن ، داپۆشینیشیان بە گۆرەوەی بەس نییە ، با گورەویەكانیش ئەستور بن ، چونكە قەبارەی پێكان دەردەخەن ، بۆیە دەبینین كە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێ كرا سەبارەت بە دامێنە ، و پالّدمی ئافرەتان **؟** فەرمووی : " **یرخین شبراً** " ، واتە : با بستێك شۆڕی بكەنەوە ، ( **أم سلمة** ) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ فەرمووی : كەواتە پێكانیان دەر دەكەوێت **؟!** ئەویش فەرمووی : " **فیرخینه ذراعاً ، لا یزدن علیه** " ، واتە : با باڵێك درێژی بكەنەوە ، و لەوەش زیاتری نەكەنەوە ( **سلسلة الأحادیث الصحیحة : 1864** ) .

ئەو بەڵگانەی کە لەو بارەیەوە هاتوون ، و ئەو داپۆشینەشە کە کاری ئافرەتانی پێشینی لە سەر بووە ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ ، وە لە سەروی ئەوانیشەوە خێزانە پاك بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، خوایان لێ ڕازی بێت .

2 / **نابێت پۆشاکەکە بۆ ناوبانگ ، و شۆرەت بێت :** واتە نابێت مەبەستی لە داپۆشینەکەی ئەوەبێت کە سەرنج و دیدی خەڵك بۆ لای خۆی ڕابکێشێت ، ئەویش خۆی لێ بایی بێت و موعجیب بێت بەخۆی و بەسەریاندا فیز زلی لێبدات ، و فیزیان بە سەردا بکات ، با پۆشاکەکەشی پینەکراویش بێت ، مادامە مەبەستی پێی ناوبانگ ، و ناودەرکردن بێت لە ناو خەڵکدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : **" من لَبِس ثَوب شهرةٍ في الدنيا ، ألبسه اللهُ ثوب مذلةٍ يوم القيامة ، ثم ألهب فيه ناراً "** [21] .

واتە : هەرکەسێك لە دونیادا پۆشاکی شۆرەت و ناوبانگی بپۆشێت ، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا پۆشاکە سەر شۆڕی و زەلیلی دەکاتە بە ، پاشان گڕ و بڵێسەی تێ بەر دەدرێت .

3 / **ئەبێت ئەستوور بێت و ناسك نەبێت ، بە شێوەیەك ڕەنگی پێست دەرنەخات :** ئەوەش لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ : **" سيكونُ في آخر أمتي نساءٌ كاسيات عاريات ، على رؤوسهن كأسنِمةِ البخت ، العنوهن فإنهن ملعونات "** [22] .

---

[21] **حسنه العلامة الألباني في : ( صحيح سنن ابن ماجه : 2 / 1192، برقم : 3607 ) ، و ( صحيح الترغيب والترهيب : 2 ، برقم : 2089 )** ، وە بڕوانە : **( جلباب المرأة المسلمة : 213 ) .**

[22] **صححه العلامة الألباني في : ( السلسلة الصحيحة 6 : 411 ، برقم : 2683 ) ،** وە بڕوانە : (

واتــه : كۆمەڵـه ئافرەتێـك ـ لـه كۆتـايى ئوممەتەكـەم ـ دەردەكـەون داپۆشراو ، و ڕووتن ، پرچيان بە شێوەيەك بـە سـەر سـەريانەوە دەبەسـتن وەكو بان پشتی ووشتر وايە ، نەفرەتيان لێ بكەن ئەوانە نەفرەت لێكراون .

**قال العلماء : (( أراد ﷺ النساء اللواتي يلبسن من الثياب الشيء الخفيف ، الذي يصف ولا يستر ، فهن كاسيات بالإسم ، عاريات في الحقيقة ))** [23] .

واتــه : زانايــان فەرمويانــه : مەبەســتی پێغەمبــەری خــوا ﷺ ئــەو ئافرەتانەيە كە جل و بـەرگی ناسـك دەكەنـە بـەر ئـەو جـۆرە پۆشـاكانە لـە ڕاستيدا لەشيان دەردەخات ، نەك ئەوەی كە دايـان بپۆشـێت ، ئـەو جـۆرە ئافرەتانە بە ناو داپۆشراون ، كەچی لە ڕاستيدا ڕووتن .

وە كاتێـك كـە ( **منــذر** ) ی كـوڕی ( **زبــير** ) لـە عێـراق گەڕايـەوە جـل و بەرگێكی ( **مرويَّــة** [24] ، **و قوهيــة** [25] ) ، نـارد بـۆ ( **أسمــاء** ) ی كچـی ( **أبــو بكر** ) ، كە پۆشاكێكی ناسـك بـوو ، ئـەوەش لـە كاتێكدا بـوو كـە ( **أسمــاء** ) چاوەكانی لە دەست دابوو ، واتە : نابينا بوو : ڕاوی دەڵێت : كـە ( **أسمــاء** ) دەستی دا بە پۆشاكەكەوە ، فەرمووی : ئوف بۆ ئەم جل و بەرگـە ، جـل و بەرگەكەی بۆ بگەڕێننەوە ، ( **منذر** ) يش ئەوەی زۆر لەلا گەورە و گران بوو ، بۆيـە فـەرمووی : ئـەی دايكـی بـەڕێزم ئـەوە تـەنك نیيـە بـۆ ئـەوەی لـەش دەربخات ، ئەويش لەوەڵامدا فەرمووی : ئەگەر لەشـی تێـدا دەرنەكـەوێت ،

---

**جلباب المرأة المسلمة : 125 ) .**

[23] **( جلباب المرأة المسلمة : 127 ) .**

[24] **مروية :** پۆشاكێكی ناودارە لە **(العراق)** نيسبەتە بۆ **(مرو)** ، كە لادێيەكە سەر بە **(كوفة)** يە .

[25] **قوهية :** پۆشاكێكە لە **(قوهستان)** دا دروست دەكرێت ، كە ناوچەيەكە لە **(خراسان)** .

خۆ قەبارەی لەش دەردەخات [26] .

4 / **دەبێت فراوان بێت و تەنگ نەبێت :** واتە : **بە شێوەیەك بێت قەبارەی ئەندامەكان دەرنەخات :** لە ( **أسامة** ) ی كوڕی ( **زيد** )ەوە ـ خوا لە خۆی و باوكیشی ڕازی بێت ـ دەفەرمووێت : پێغەمبەری خوا ﷺ جلێكی ( **قبطي** [27] ) پێ بەخشیم كە ئەویش ( **دحية الكلبي** ) پێی بەخشی بوو ، منیش دام بە خێزانەكەم بۆ ئەوەی بیپۆشێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم : " **مالك لم تلبس القبطية ؟** " ، واتە : ئەوە بۆ جلە ( **قبطية** ) كە لە بەر ناكەیت ؟ منیش پێم ووت : داومە بە خێزانەكەم لە بەری بكات ، ئەویش فەرمووی : " **مرها فلتجعل تحتها غلالة** [28] **، فإني أخاف أن تصف حجم عظامها** " [29] ، واتە : كە ڕۆشتیتەوە فرمانی پێ بكە بەوەی كە شتێكی تری بە ژێردا بپۆشێت ، چونكە لەوە دەترسم قەبارەی ئەندامەكانی لەشی دەربخات .

5 / **نابێ بخوركراو و بۆن خۆش كراو بێت :** ئەوەش لەبەر ئەو فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی : " **أيما امرأة**

---

[26] **صححه العلامة الألباني في : ( جلباب المرأة المسلمة : 107 ) .**

[27] **القبطية :** جۆرە پۆشاك و جلێكی میسری ، تەنك و سپی یە .

[28] **غلالة :** پۆشاكێكە لە ژێرەوەی پۆشاكەكانی تردا دەپۆشرێت ، بۆ ئەوەی قەبارەی لەشی ئافرەت دەرنەكەوێت .

[29] **حسنه العلامة الألباني في : ( جلباب المرأة المسلمة : 131 ) ، وقال : الحديث إسناده حسن ، وهو من رواة أسامة بن زيد ، وأخرجه أحمد والبيهقي .**

**استعطرت ، فمرت على قوم ، ليجدوا من ريحها ، فهي زانية "** [25] .

واتە : هەر ئافرەتێك خۆی بۆنخۆش كرد ، و پاشان لە ماڵ ڕۆشتە دەرەوە ، و بەلای كۆمەڵێكدا تێپەڕ بوو و بۆنی چوبە سەریاندا ، ئەوە وەكو ئەوە وایە ئەو ئافرەتە داوێن پیسی كرد بێت .

6 / **نابێت پۆشاكەكەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی پیاوان بێت :** لە ( **أبو هريرة** ) ەوە ﷛ دەگێڕنەوە كە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : **" لعن رسول الله ﷺ الرجل يلبس لبسة المرأة والمرأة تلبس لبسة الرجل "** [26] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی كردووە لەو پیاوەی كە جل و بەرگی ئافرەتان لە بەر دەكەن ، و ئەو ئافرەتانەش كە جل و بەرگی پیاوان لەبەر دەكەن [32] .

7 / **نابێت پۆشاكەكەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی ئافرەتانی**

---

[30] **حسنه العلامة الألباني** في : **( صحيح سنن النسائي : 5126 ) ، و ( صحيح وضعيف الجامع : 2701 ) ، و ( صحيح الترغيب والترهيب : 2019 )** ، وە بڕوانە : **( جلباب المرأة المسلمة : 137 ) .**

[31] **صححه العلامة الألباني** في : **( صحيح سنن أبي داود : 4098 ) ، و ( صحيح الترغيب والترهيب : 2069 )** ، وە بڕوانە : **( جلباب المرأة المسلمة : 141 ) .**

[32] وەك : پانتۆڵ ، هیچ جیاوازیش نیيە لەوەی كە پانتۆڵەكە ئاشكرا بێت یان لە ژێرەوەی پۆشاكی مانتۆدا بێت ، مانتۆكە كورت بێت یان درێژ ، لە ماڵەوە بێت بۆ مێردەكەی یان لە دەرەوە لە پێش چاوی خەڵك ، چونكە جلێكی تایبەتە بە پیاوانەوە ، نابێت ئافرەتان بیپۆشن ، یان هەر پۆشاكێكی تایبەتی تر بە پیاوان كە ئافرەتان دەیپۆشن ( **مامۆستا عدنان** ) .

**بێباوەڕ بێت :** لە ( **عبدالله** ) ی كوڕی ( **عمر** )ەوە دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جلی ( **معصفر** [33] ) ی لە بەردا بینی ، و فەرمووی : **" إن هذه من ثياب الكفار فلا تلبسها "** [34] ، واتە : ئەم جلانە جلی بێباوەڕانە مەیان پۆشە .

8 / **نابێت خۆی لە خۆیدا ڕازاوەیی ، و جوانی تێدا بێت :** لە بەر فەرموودەی خوای گەورە كە دەفەرموێت : ﴿ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ﴾ [35] ، واتە : با ئافرەتان جوانیەكانیان دەرنەخەن ، وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾ [36] ، واتە : لەماڵەكانتان بمێننەوە و لەكاتی دەرچونتاندا خۆتان ڕووت نەكەنەوە ، هەروەك چۆن ئافرەتان لە سەردەمی نەفامیدا خۆیان ڕووت دەكردەوە .

وە لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە تێیدا دەفەرموێت : **" ثلاثة لا تسأل عنهم ـ وذكر منهم ـ : ... وامرأة غـاب عنها زوجها ، قد كفاها مؤونة الدنيا ، فتبرجت بعده ... "** [37] .

واتە : سێ جۆر كەس هەن ـ لە گەورەیی تاوانیان ـ سەبارەتیان هیچ پرسیارێك مەكە : یەكێك لەوانەی كەباسی كردووە : ئافرەتێكە پیاوەكەی

---

[33] **المعصفر :** ئەو پۆشاكەیە كە بە ڕووەكی ( **عصفر** ) ڕەنگ دەكرێت ، كە ڕەنگێكی سوری زۆر تۆخی لێ دەردەكرێت .

[34] **( مسلم : 2077 ، و 27 ) .**

[35] **( سورة النور : 31 ) .**

[36] **( سورة الأحزاب : 33 ) .**

[37] **صححه العلامة الألباني في : ( الصحيحة : برقم : 542 ) .**

لە لا نەبێت ، بژێوی ڕۆژانەشی بۆ دابین كرد بێت ، و بەجێ هێشتوو بێت ، كەچی ئەو لە پاش ئەو خۆی بڕازێنێتەوە ، و جوانیەكانی خۆی دەربخات .

وە هەروەها لە بەر ئەم فەرموودەیەش كە پێغەمبەری خوا ﷺ تێدا فەرموویەتی : " **وشر نسائكم المتبرجات المتخيلات ، وهن المنافقات ، لا يدخل الجنة منهن إلا مثل الغراب الأعصم** " [38] .

واتە : خراپترینی ئافرەتەكانتان ئەو ئافرەتانەن كە جوانیەكانی خۆیان دەردەخەن ، و خۆ دەڕازێننەوە ، و لە خۆ ڕازین و فیز تەكەبر دەكەن بە سەر ئافرەتانی تردا ، بەڕاستی ئەوانە خۆ دەشوبهێنن بە دوو ڕووان ، هیچ یەكێك لەوانە ناڕواتە بەهەشتەوە ، ئیللا وەكو قەڵە بازەڵە نەبێت ( كە جۆرێكە لە قەڵە ڕەش باڵەكانی یان پێكانی سپین ) ، هێنانەوەی ئەم شێوەیە لە قەڵە ڕەش بە نموونە بە هۆی كەمیانەوەیە ، بۆ ئاماژە كردنە بە كەمی ئەو ئافرەتانەی كە دەڕۆنە بەهەشتەوە .

ئا ئەمەیە مەرجەكانی پۆشاكی شەرعی تەواو كە پۆشاكەكەت دەكەن بە پۆشاكێكی شەرعی ، ئەو پۆشاكەی بە پۆشینی گوێڕایەڵی خۆت دەر دەبڕیت بۆ خوای گەورە ، هەر ئەوەشە كە بە پۆشینی پارێزراو دەبیت لەو گورگانەی كە ئەیانەوێت تۆ دەركەویت ، و بە ئارەزووی خۆیان بە تۆ ڕابوێرن .

**خوشكەكەم** : ئەگەر تۆ ئەم داواكاریە تەواو و تێرو تەسەلەلەی پەروەردگارت لە ڕواڵەتدا بە دی هێنا ، بە تەواوی و شكۆداری و بە لەسەر خۆی ، و هەیبەتەوە ، و لە هەموو جموجوڵتدا ، ئەوا ڕووناكی یە لە سەر

---

[38] **صححه العلامة الألباني في : ( الصحيحة ، برقم : 1849 ) .**

ڕووناكی ، بێگومان ڕوواڵەتیش بە تەنها بەس نیە بە بێ ناوەڕۆك ، بۆیە ئافرەتان فەرمان پێكراون بە پاراستنی هەموو جموجوڵێكیان ، لە گەڵ پاراستنی چاو و زمانیان ، هەروەها چاودێری كاری عەقڵ و دەروونی خۆی بێت ، و زاڵیش بێت بە سەریدا ، و زیاتر شەرم و حەیای پێوە دیار بێت ، و كەمیش بدوێت ، خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ [39] .

واتە : بە ئافرەتانی بڕوادار بڵێ كە چاویان لە تەماشاكردنی حەرام بپارێزن ، داوێنیشیان بپارێزن لە داوێن پیسی ، جوانیەكانیشیان دەرنەخەن ، جگە لەوەی نەبێت كە بەبێ دەسەڵاتی ئەوان دەردەكەوێت .

**خوشكەكەم :** بۆ ئەوەی ئافرەتێكی چاكەكار بۆ خوا صولحاو بیت ، حەز لێ بوو ووریات كەمەوە لە چەند شتێك كە ڕەنگە تۆ بە ئاسایی و بە كەمیان بزانیت ، بێ ئەوەی بزانیت حوكمەكانیان لە لای خوای پەروەردگار چیە ، لەوانەش :

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لەوەی كە حیجاب پۆشینەكەت لە بەر چەند مەبەستێكی خراپ پۆشی بێت كە لە دەروونتدا هەبن ، یان تەنها لە بەر ئەوەی كە جوانترین و ڕازاوەترین پۆشاكە ، یان لە بەر مۆدە و دوورینێكی تایبەت ، بەڵكو با پۆشاكەكەت تەنها گوێڕایەڵی بێت بۆ خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ﷺ ، وە بۆ خۆ پاراستنی خۆت و پاك ڕاگرتنت بێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ

---

[39] ( سورة النور : 31 ) .

فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا ﴾ [40] .

واتە : ئەو كەسەی كە هیوای بەوە هەیە كە بگات بە پەروەردگاری خۆی ، با كردەوەی چاك ئەنجام بدا و كەسی تێدا نەكات بە هاوەڵ خوای پەروەردگاری .

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لەوەی كە درووسكراوی خوای گەورە بگۆڕیت بە لابردنی یان هەڵكێشانی مووی ڕوومەتت بەگشتی ، وە دانانی پرچی دەستكرد ( باروكە) ، و خاڵ كوتان ، و دان شاش كردن یان ڕێك خستنی بە مەبەستی جوانی ، لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە فەرموویەتی : **" لَعن الله الْواصِلةَ والْمستوصِلةَ "** [41] .

وە لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە : **" لعن رسول الله ﷺ الواشمات والمستوشمات ، والمتنمصات ، والمتفلجات للحسن ، المغيرات لخلق الله "** [42] .

واتە : خوای گەورە نەفرەت دەكات لەو كەسانەی كە پرچی دەستكرد بە كار دەهێنن ، و ئەوەش كە بۆی دایدەنێت ، وە لە ڕیوایەتێكی تردا فەرموویەتی : وە لەوەی كە خاڵ دەكوتێت ، و لەوەش كە بۆی دەكوتێت ، وە لەوانەی كە مووی ڕوومەتیان لادەبەن ، و لەوانەش كە دانی خۆیان شاش دەكەن ، بە مەبەستی جوانكاری ، ئەوانە دروستكراوی خوای گەورە دەگۆڕن .

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لە هاوەڵێتی ئەو ئافرەتانەی كە بە ناو

---

[40] **( سورة الكهف : 110 ) .**

[41] **( مسلم : 2122 ، 115 ) .**

[42] **( البخاري : 4886 ، ومسلم : 2125 ) .**

داپۆشراون ، و لە ڕاستیدا ڕووتن ، ئەوانە بەڕاستی خاوەن خۆڕەشتی خراپ ، و سومعە و ناو بانگی خراپن ، لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە فەرموویەتی : **" مثَلُ الْجلِيسِ الصالِح ، والسوءِ ؛ كَحامِلِ الْمِسكِ ، ونافِخِ الْكِير ، فَحامِلُ الْمِسكِ : إما أنْ يحذِيك ، وإما أنْ تبتاع مِنه ، وإما أنْ تجِد مِنه رِيحا طَيبةً ، ونافِخ الْكِيرِ : إما أنْ يحرِق ثِيابك ، وإما أنْ تجِد رِيحـا خبِيثَةً "** [43] .

واتە : نموونەی هاوەڕێی چاك و خراپ ، نموونەی میسك فرۆش و كورەچی وان ، هەڵگری میسكەكە : یان بۆنێكی خۆشت پێ دەبەخشی ، یان لێی دەكڕێت ، وە یان بۆنێكی خۆشی لێ دەبیستی ، وە نمونەی كورەچیش : یان جل و بەرگەكەت دەسووتێنێت ، یان بۆنێكی ناخۆشی لێ دەبیسی .

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لە سەیركردن ئەوانەی كە خوای گەورە قەدەغەی كردوون لە سەرت لە پیاوان ، جا ئەگەر تەلەفزیۆن بێت یان ئەو گۆڤارانەی كە بانگەشە دەكەن بۆ هەڵوەشانەوەی ڕەووشت ، لە بەر ئەم فەرموودەیەی كە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴾ [44] .

واتە : بە ئافرەتانی بڕوادار بڵێ كە چاویان لە تەماشاكردنی حەرام بپارێزن ، داوێنیشیان بپارێزن لە داوێن پیسی .

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لەوەی كە جل و بەرگەكەت داكەنیت لە

---

[43] **( البخاري : 5534 ) .**

[44] **( سورة النور : 31 ) .**

شوێنكارەكانی فرۆشتنی جل و بەرگ ، یان لەو شوێنكارانەی كە جل و بەرگیان تێدا دەدوورن ، یان لە ئارایشگاكانی ڕازاندنەوە ، یان لە هەر شوێنێكی تر جگە لە ماڵەكەی خۆت نەبێت , لە ترسی ئەوەی كە بكەویتە بەر ئەم فەرموودەیەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی : " **ما مِن امرأةٍ تخلع ثيابها في غير بيتها إلا هتكت ما بينها وبين اللهِ تعالى** " [45] .

واتە : هەر ئافرەتێك پۆشاكەكانی لە ماڵێك جگە لە ماڵەكەی خۆی ( لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە : جگە لە ماڵی مێردەكەی ) داكەنێت ، ئەوا ئەو سترەی هەتك كردووە كە لە نێوان خۆی و پەروەردگاریدا هەیە [46].

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لەوەی كە دەست بدەی لە گەڵ پیاوانی نامەحرەمدا ، با برای مێردیشت بێت ، یان كوڕی مامت ، یان كوڕی پور ( میمك ) ت لە دایكەوە بێت یان لە باوكەوە ، یان ئەوانەش كە هەمان حوكمیان هەیە ، لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە

---

[45] **صححه العلامة الألباني في : ( الصحيحة : برقم : 3442 ) ، و ( صحيح سنن أبي داود : 4010 ) ، و ( صحيح وضعيف الجامع الصغير : 5692 )** ، وە بڕوانە : **( آداب الزفاف : 141 ) .**

[46] پێشەوا **(المناوي)** لە **( فيض القدير :ج 3/ص176)** دا سەبارەت بە بڕگەی **( وضعت ثيابها في غير بيت زوجها )** كە **( لفظ )** ێكی تری فەرموودەكەیە ، دەفەرمووێت : **(( كناية : عن تكشفها للأجانب ، وعدم تسترها منهم ))** ، واتە : ئەم بڕگەیە ئەوە دەگەیەنێت : كە ئافرەتەكە خۆی دەربخات بۆ كەسانی نامەحرەم ، و خۆیانی لێ نەپارێزێت .

**ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت** : كە ئەو كارەی ڕێگەیەك بێت بۆ بینینی عەورەتی و دەركەوتنی بۆ كەسانی نامەحرەم ، لەمەشە بۆمان ئاشكرا دەبێت كە ئەو ماڵانەی كە مەحرەمی ئافرەتەكەن ، یان لە ماڵێكدا كە مەحرەمێكی لە گەڵدایە ، و ناترسێ لەوەی كە تووش ئەو تاوانە بێت دەتوانێت ئەو كارە ئەنجام بدات ، خواش زاناترە ( **مامۆستا عدنان** ) .

فەرموویەتی : **" لا أمس أيدي النساء "** [47] .

واتە : من دەست نادەم بە دەستی ئافرەتانەوە .

وە فەرموویەتی : **" إني لا أصافح النساء "** [48] .

واتە : من دەست نادەم لە گەڵ ئافرەتاندا .

هەروەها فەرموویەتی : **" لأن يطعن في رأس رجل بمخيط من حديـد ، خير له من أن يمس امرأة لا تحل له "** [49] .

واتە : ئەگەر ئاسنێك بكوترێت بـە سـەر پیاوێكدا ، زۆر باشـترە بـۆی لەوەی دەست بدات بە ئافرەتێكی نامەحرەم بۆی .

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لەوەی كە ناز بكەی لە كـاتی قسـەكردنتدا ، واتــە : لــە ناســك كردنــەوەی ووتــەكانت ، چــونكە خــوای پــەروەدگار فەرموویەتی : ﴿ يَا نِسَاء النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ النِّسَاء إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا﴾ [50] .

واتــە : ئــەی خێزانــەكانی پێغەمبــەری خــوا ﷺ ئێــوە وەكــو هــەر ئافرەتێكی تر نین ، چونكە ئەگەر لە خوا بترسن ئەوا لـە هـەموو ئافرەتـانی تر پێشترن لە لای خوای پەروەردگار ، بۆیە پێویستە لە سەرتان لـە هـەموو ڕێگەیەكی حەرام و قەدەغەكراو خۆتان بپارێزن ، لەوانەش قسە نەكردنە بـە نازەوە لە گەڵ پیاوانی نامەحرەمدا ، بۆ ئـەوەی كەسـانی دەروون نـەخۆش

---

[47] **صححه العلامة الألباني في : ( صحيح الجامع : 7177 ) .**
[48] **صححه العلامة الألباني في : ( الصحيحة : 529 ) ، و ( صحيح سنن النسائي : 4181 ) .**
[49] **صححه العلامة الألباني في : ( الصحيحة : 226 ) .**
[50] **( سورة الأحزاب : 32 ) .**

تەماحتان تێنەکەن ، ووتەشتان با ووتەیەکی ئاسایی بێت .

**وریابە خوشکی موسڵمانم** : لە زۆر دەرچوونت لە ماڵ ، چونکە ئەو زۆر دەرچوونەت زیانێکی زۆری تێدایە ، و لە ماڵیش دەرمەچۆ مەگەر بۆ پێویستیەك نەبێت ، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ ﴾ [51] ، واتە : لە ماڵەکانتان بمێننەوە .

**وریابە خوشکی موسڵمانم** : ـ ئەگەر بۆ پێویستیەك لە ماڵ دەرچوویت ـ لەوەی کە بە ناوەندی ڕێگاکەدا بڕۆیت ، لە بەر ئەم فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : **" استأخرن ، فإنه ليس لكن وسط الطريق "** [52] .

واتە : خۆتان بدەنە دوا ، چۆنکە ناوەڕاستی ڕێگەکە بۆ ئێوە نییە .

**وریابە خوشکی موسڵمانم** : لەوەی کە خۆت بە تەنها ، یان لە گەڵ کۆمەڵە ئافرەتێکدا سەفر بکەی ، بە بێ ئەوەی مەحرەمێکت لە گەڵ دا بێت ، ئەوەش لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی : **" لا يحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر ، أن تسافر مسيرة يوم وليلة ! ليس معها حرمة "** [53] .

واتە : حەڵاڵ نییە بۆ هیچ ئافرەتێك کە باوەڕی بە خوا ، و ڕۆژی دوای

---

[51] **( سورة الأحزاب : 33 ) .**

[52] **حسنه العلامة الألباني في : ( صحيح سنن أبي داود : 5272 ) ، و ( صحيح وضعيف الجامع الصغير : 929 ) ، و ( الصحيحة ( 2 / 511 ) تحت حديث رقم : 856 ) ، بلفظ : " استأخرن فأنه ليس لكن أن تحققن الطريق ، عليكن بحافات الطريق ... " الحديث .**

[53] **( البخاري : 1088 ، ومسلم : 1339 ، 419 ) .**

هەیە سەفەرێك بە بێ مەحرەم بكات ، مەوداكەی شەو و ڕۆژێك بێت .

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لە لەپێكردنی ئەو پێڵاوانەی كە دەنگیان دێت لە كاتی ڕێكردندا ، و سەرنجی پیاوانی نامەحرەم بۆ خۆیان ڕادەكێشن ، جا پێڵاوەكە بەرز بێت ، یان ئەوانە بێت كە خشڵ وپاوەنیان پێوەیە و لە كاتی پێوە ڕێكردنیان دەنگ دەر دەكەن ، یان هاوشێوەكانیان .

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لە درێژكردنی نینۆك ، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " **خمس من الفطرة ... وذكر منها : تقليم الأظافر** " [54] .

واتە : پێنج شت لە فیترەت دەژمێررێن : یەكێك لەوانەی كە باسیان دەكات : نینۆك گرتنە ، بە ڕاستی چەند جوانە ووتەی ئەو شاعیرەی كە فەرموویەتی :

**قل للجميلة أرسلت أظفارها    إني لخوف كدت أمضي هاربا**

**إن المخالب للوحوش نخالها    فمتى رأينا للظباء [55] مخالبا**

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لە لەپێكردنی پانتۆڵ و جل و بەرگی تەسك و تەنك ، كە قەبارەی هەموو لەشت دەردەخات ، لە پێش چاوی باوك و دایك و برا و ئافرەتانیشدا ، چونكە ڕەوا نییە بۆ ئافرەت لەشی خۆی دەربخات بۆ هیچ یەكێك لەمانە جگە لە مێردەكەی نەبێت .

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لە ( **النميمة** ) كە بریتییە لە هێنان و بردن ووتە لە نێوان دوو كەسدا بە مەبەستی ئاژاوە خستنە نێوانیانەوە ، ئەوەش لە بەر ئەم فەرموودەیەی خوای پەروەردگار كە دەفەرمووێت : ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ

---

[54] ( **البخاري : 5889 ، ومسلم : 257** ) .

[55] **الظباء :** مێیینەی ئاسكە .

حَلَّافٍ مَّهِينٍ هَمَّازٍ مَّشَّاء بِنَمِيمٍ مَنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ عُتُلٍّ بَعْدَ ذَلِكَ زَنِيمٍ ﴾ (56)

.

واتــە : خــوای پــەروەردگار بــە پێغەمبەرەكــەی ﷺ دەفــەمووێت : گوێڕایەڵی كەسانێك مەبە كە زۆر سـوێند دەخـۆن ، چـونكە ئـەوە سـیفەتی كەسانی درۆزنە ، ئەو جۆرە كەسانە بەو كارەیان بێ نرخ و سووك دەبـن لـە ناو خەڵكدا ، و بـە هـەمان شـێوە ـ گوێڕایـەڵی ئـەو كەسـانەش مەكـە ـ كـە بەردەوام خەریكی توانج لێدان و غەیبـەتی موسـڵمانانن ، و هـەوڵی هـاوردن بردنی ووتەی ئەم و ئەون بۆ نانەوەی ئاشووب ، و ڕقەبەری لـە نێوانیانـدا ، ئەو جۆرە كەسانە حەزیان لە چاكە كاری نییە ، و ستەم دەكەن لە موسڵمانان ، و تاوانبارن ، توند و دڕندەن ، و ملكەچ نین بۆ ڕەوایی ، و بێ بنەوان .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : " **لا يدخل الجنة نمام** " (57) .

واتە : ئەو كەسەی كە قسە لە نێوان دوو كەسدا دێنێت ، و دەبات ، بە مەستی نانەوەی ئاشووب و دووبەرەكێ لە نێوانیاندا ، نا چێتە بەهەشتەوە.

هەروەها دەفەرمووێت : " **تجد من شر الناس يوم القيامة عنـد الله ، ذا الوجهين ؛ الذي يأتي هؤلاء بوجه ، وهؤلاء بوجه** " (58) .

واتە : لە ڕۆژی دوایدا خراپترین كەس لـە لای خـوای پـەروەردگار ئـەو

---

(56) **( سورة القلم :10 ـ 13) .**

(57) **رواه مسلم بهذا اللفظ ، ورواه بلفظ : " لا يدخلُ الْجنةَ قَتات " البخاري ومسـلم ، وصـححه العلامة الألباني في : ( صحيح الترغيب والترهيب : 2821 ) ، و ( الصحيحة : 1034 ) ، ووالقتات : بمعنى نمام .**

(58) **صححه العلامة الألباني في : ( صحيح الأدب المفرد : 316 ) .**

كەسـەیە كـە دوو ڕووی هەیـە ، ئـەوەی كـە بـە ڕوویـەك دێـت بـۆ لای ئـەو كۆمەڵەیە ، و بە ڕوویەكی تریش دەڕوات بۆ لای كۆمەڵێكی تر .

**وریابــە خوشــكی موســڵمانم** : لـە غەیبـەت كـردن ، چـونكە خـوای پـەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴾ [59] .

واتە : خوای پەروەردگار نەهی كردووە لە زۆر لە گومانە خراپەكان كە بەرامبـەر بـە بـاوەڕداران دەبـرێن ، چـونكە زۆرینـەی گومانـەكان تـاوانن ، چـونكە بـێ بنەوایـە لـە ڕاسـتی ، وە مەگـەڕێن بـە دوای عـەیب و عـاری موسڵمانان ، كەسیشتان غەیبەتی كەسـتان نـەكات ، ئایـا هـیچ كەسـێك لـە ئێوە هەیە پێ خۆش بێت گۆشتی براكەی بخوات بە مردوویی ، ئاشكرایە كە هەمووتان حەزتان لێ نییە بە قێزەوونـی دەزانـن ، جـا لـە خـوا بترسـن ، و خوای پەروەردگاریش لێ بوردە ، و بە بەزەیییە .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : " **لما عرج** بي ربي **عز وجـل ، مررت بقوم لهم أظفار من نحاس ، يخمشون وجوههم وصدورهم ، فقلت من هؤلاء يا جبريل ؟ قال : هؤلاء الذين يأكلون لحـوم النـاس ، ويقعـون** في **أعراضهم** " [60] .

واتە : كاتێك كە شەوڕەویم پێ كرا بە لای كۆمەڵێكدا تێپـەڕیم نینـۆكی

---

[59] **( سورة الحجرات : 12 ) .**

[61] **صححه العلامة الألباني في : ( صحيح سنن أبي داود : 4787 ) ، و ( صحيح وضـعيف الجامع الصغير : 5213 ) ، و ( الصحيحة : 533 ) .**

مسینیان هـەبوو ، ڕوومـەت و سـنگی خۆیانیـان پـێ دەڕووشـان و دەڕنـی ، منیش ووتم : ئەی جبریل ئەو كۆمەڵانە كێن ؟! ئـەویش فـەرمووی : ئەوانـە ئـەو كەسـانەن كـە گۆشـتی خـەڵكیان خـواردووە لـە دونیـادا ، و باسـی ناموسیانیان كردووە .

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لـە بوهتـان و تۆمـەت كـردن ( **القـذف** ) بـۆ دەسـتە خوشـكی موسـڵمانت ، چـونكە خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ [62] .

واتە : ئەو كەسانەی كـە بوختیـان و تۆمـەت دەدەنـە پـاڵ ئافرەتـانی داوێن پاك ، و بێ تاوان ، ئەو ئافرەتانەی كە تەنانەت نەهاتووتـە دڵیانیشـدا كـە ئـەو تاوانـە ئـەنجام بـدەن ، ئەوانـە نـەفرین لێ كـراون ، لـە دونیـا و دواڕۆژیشـدا ، ئاشكراشـە نـەفرین لێ كـردنیش بـۆ تـاوانی گەورەیـە ، وە نەفرەتەكەشـی دوپـات كردۆتـەوە بـەوەی كـە بـەردەوام لـە دونیـا ، و دوا ڕۆژیشدا نەفرین لێ كراون ، لە گەڵ ئەوەشدا سزایەكی سەختیان بۆ هەیە .

وە پێغەمبەری خـواش ﷺ فەرموویـەتی : " **قـال اجتنبـوا السـبع الموبقات " ، قالوا يا رسول الله وما هن ؟ قال : " ... ـ وذكـر : وقـذف المحصنات المؤمنات الغافلات** " [63] .

واتە : دووركەونەوە لەو حەوت شتانەی كە لە ناوتان دەبەن : ووتیـان ئەوانە چین ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ ئـەویش فـەرمووی : یـەكێك لەوانـە

---

[62] **( سورة النور : 23 ) .**

[63] **( البخاري : 2766 ، ومسلم : 89 ) .**

بوهتان و تۆمەت كردنە بۆ ئەو بڕوادارانەی كە پارێزراو ، و بێ ئاگان لەو تۆمەتەی كە دەدرێتە پاڵیان .

**وریابە خوشكی موسڵمانم** : لە درۆكردن ، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : **" ... إن الكذب يهدي إلى الفجور ، وإن الفجور يهـدي إلى النار ، وما يزال الرجل يكذب ، ويتحرى الكذب ، حتى يكتـب عنـد الله كذابا "** (64) .

واتە : درۆ ڕێخۆشكارە بۆ خراپەكاری ، خراپەكاریش ڕێخۆشكارە بۆ كەوتنە ئاگرەوە ، و مرۆڤیش بەردەوام درۆ دەدات ، و بە دوای درۆدا دەگەڕێت ، تاكو لە لای خوای پەروەردگار حوكمی درۆزنێتی دەدرێت بە سەردا ، بە درۆزن لە خوا دەناسرێت .

**خوشكەكەم** : ئەگەر تۆ مێردت كردووە یان لە ڕێگەی مێردكردناییی ئەوا پێویستە لە سەرت گوێڕایەڵی مێردەكەت بكەیت و مافیشی بزانیت بە سەر خۆتەوە ، بۆ ئەوەی بەهەشتی پەروەردگارت بە دەست بهێنی ، لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە فەرموویەتی : **" فانظري أين أنـتِ منه ؟ فإنما هو جنتكِ ونارِكِ "** (65) .

واتە : جا بڕوانە و بزانە تۆ چۆنی لە گەڵیا ، چونكە ئەو هۆكاری چونە بەهەشت و دۆزەخی تۆیە .

**خوشكەكەم :** پێویستە مافەكانی مێردەكەت شتێكی زۆر گرنگ بێت بە

---

(64) **( البخاري : 6094 ، و مسلم : 2607 ) .**

(65) **حسنه العلامة الألباني في : ( صحيح وضعيف الجامع الصـغير : 1509 )** ، وە بڕوانە : **( آداب الزفاف : 285 ) .**

لاتەوە ، لە بەر ئەوەی چەند بەڵگەیەكی ترسێنەری لە سەر هاتووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : **" لو تعلم المرأة حق الزوج ، لم تقعد ما حضر غداؤه وعشاؤه ، حتى يفرغ منه "** [66] .

واتە : ئەگەر ئافرەت بزانێت مافی مێردەكەی چەندە بە سەریەوە ، ئەوا كە كاتی نانی بەیانیان و ئێوارانی دێت دانانیشێت ، و ڕادەوەستێت ، تاكو مێردەكەی لە خواردنەكەی دەبێتەوە ، ئەوەش لە بەر گەورەیی گرنگی مافەكانی مێردەكەی بەسەریەوە .

وە فەرموویەتی : **" لا يصلح لبشر أن يسجد لبشر ، ولو صلح أن يسجد بشر لبشر ، لأمرت المرأة أن تسجد لزوجها ، من عظم حقه عليها ، والذي نفسي بيده لو أن من قدمه إلى مفرق رأسه قرحة تنبجس بالقيح والصديد ، ثم أقبلت تلحسه ما أدت حقه "** [67] .

واتە : بۆ هیچ كەسێك ڕەوا نییە كە سوجدەی ڕێز لێ گرتن ببات بۆ كەسێكی تر ، ئەگەر ئەوە ڕەوا ببایە كە مرۆڤ سوجدە بەرێت بۆ مرۆڤ ، ئەوا فرمانم دەكرد بە ئافرەت سوجدەی ڕێز ببا بۆ مێردەكەی ، لە بەر گەورەیی مافی مێردەكەی بە سەریەوە ، سوێند بێت بەو زاتەی كە نەفسی منی بە دەستە ، ئەگەر سەر تا پێی مێردەكەی برین بێت ، و خوێن و زوخاو وچڵكی لێ دابچۆڕێت ، پاشان ئافرەتەكەی بە زمانی بیلێسێتەوە ، ئەوا هێشتا مافەكانی جێ بەجێ نەكردووە .

**خوشكەكەم :** وریابە لەوەی كە داوای تەڵاق بكەی لە مێردەكەت ، لە

---

[66] **صححه العلامة الألباني في : ( صحيح وضعيف الجامع الصغير : 5259 ) .**

[67] **صححه العلامة الألباني في : ( صحيح وضعيف الجامع الصغير : 7725 ) .**

بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە دەفەرمووێت : " **أيما امرأة سألت زوجها الطلاق ـ من غير ما بأس ـ فحرام عليها رائحة الجنة** " [68].

واتە : هەر ئافرەتێك داوای تەڵاق بكات لە مێردەكەی بە بێ هیچ هۆكارێك ، ئەوا بۆنی بەهەشتی لەسەر حەرام دەكرێت .

**خوشكەكەم :** هەوڵبدە زۆر بە جوانی و بە باشی پەروەردەی منداڵەكانت بكە ، و فێری خۆشویستیان بكە بۆ خوای گەورە ، و پێغەمبەرەكەی ، وە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە پۆشاكی لە خوا ترسیان پێ بپۆشە ، بەڵكو ئەو پلەو پایەیە بگەڕێننەوە كە ئەم ئوممەتە لە مێژدا هەیبوو ، و لە دەستی داوە .

**خوشكەكەم :** بزانە كە بە ڕاستی ماڵەكەت مەملەكەت و وڵاتی تۆیە ، و تۆش سەروەری بە سەریەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : " **كـل نفس من بني آدم سيد ، فالرجل سيد أهله ، والمرأة سيدة بيتها** " [69].

واتە : هەموو كەسێك لە نەوەكانی ئادەم سەروەرە و كاربەدەستە ، پیاو سەروەری خێزانەكەیەتی ، و ئافرەتانیش سەروەرن لە ماڵەكانیاندا .

**گوێ ڕاگرە خوشكەكەم :** ــ خوای گەورە سەركەوتووت بكات بۆ گوێڕایەڵی خۆی ـ بۆ ووتەی بێباوەڕان دوای ئەوەی كە پلەو پایەی ئافرەتانیان زانی ، ئەو پلە و پایەی كە وای لێ دەكات تایبەت مەندی و

---

[68] **صححه العلامة الألباني** في : **( صحيح وضعيف الجامع الصغير : 2035 ) ، و ( صحيح سنن ابن ماجه : 2055 ) ، و ( إرواء الغليل : 2037 ) .**

[69] **صححه العلامة الألباني** في : **( صحيح وضعيف الجامع الصغير : 4565 ) ، و ( الصحيحة : 2041 ) .**

كاریگەری خۆی هەبێت ، **یەكێكیان دەڵێـت : (( إن المرأة تستطيع أن تخـدم الدولة حقا ، إذا بقيت في البيت الذي هو كيان الأسرة ))** .

واتە : بەڕاستی ئافرەت دەتوانێـت خزمـەتی وڵاتەكـەی خـۆی بكـات ، ئەگەر لە ماڵەكەی بمێنێتەوە كە بوون و كەینوونەی خێزانە .

**یەكێكی تریان دەڵێت : (( إن الله عندما منح المرأة ميـزة الأولاـد ، لم يطلب منها أن تتركهم لتعمل في الخارج ، بل جعل مهمتها البقـاء في المـنزل لرعاية هؤلاء الأطفال ))** .

واتە : كاتێـك خـوای گـەورە ئـەوەی بـە ئافرەتـان بەخشـی ، و هـەڵی بژاردن ، و جیای كردنەوە بۆ منداڵان ، داوای لێ نەكردن واز لەوان بێنێـت و بـڕوات كـاری دەرەوە بكـات ، بـەڵكو بەرپرسـیاری مانـەوەی بەسـەردا دا ئەوەش بۆ پارێزگاری كردنی لە منداڵەكانی .

**خوشكەكەم وریا بە :** ـ خوای گەورە سەركەوتووت بكات بۆ گوێڕایەڵی خۆی ـ لە شـوێنكەوتنی هـەنگاوەكانی شـەیتان ، وەڕا بكـە لـە هـەموو ئـەو شتانەی كە ڕەوشت و سومعەتت دەڕووشێنێت ، هـەروەكو چـۆن هەڵـدێت و ڕادەكەیت لە شێر .

**وە** ئافرەتێكی ژیر و خاوەن هزر بە ، و هەست بكـە بـە چاودێری خـوا پەروەردگار بە سەرتەوە ، جا بزانە چ كات و چۆن پێدەكەنیت و لـە كـوێدا ؟! وە چۆن قسە دەكەیت و لە گەڵ كێدا ؟! وە چۆن ڕێدەكەیت و لە گەڵ كێدا ؟!

**وە** خۆڕاگر و ئارامگر بە لە سەر ڕەوایی و هیچ گوێ مـەدە بـەوەی كـە خاوەن ئارزوو و گومڕاكان دەیڵێن ، ئەوانەی كە دەیانـەوێ ئافرەتـان وەكـو

كالایەك بن بۆ دەربڕین ، و جەستەیەكیش كە چێژ لە سەیركردنی ببینن بی هیچ بەند و ڕاچەڵەكێنەرێكی ئاینی .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت : " **إن من ورائكم زمـان صـبر ، للمتمسك فيه أجر خمسين شهيدا منكم** " (70) .

واتە : بەڕاستی لە دوای ئێوەوە ڕۆژگار و زەمانی ئارام گرتن دێت ، ئەو كەسەی كە دەست بە ئاینەكەیەوە دەگرێت پاداشتی پەنجا لە شەهیدانی ئێوەی هەیە .

وە لە كۆتاییدا خوشكەكەم ئەگەر دڵت نەهاتۆتە جۆش ، بەوەی كە گوێبیستی بووی لە ڕەوایی و ڕاستیەكان ، و وەڵامی فەرمانەكانی خوای گەورەت نەدایەوە ، دە با ڕاچەڵەكێنەر ، و ترسێنەرت ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا بێت ﷺ كە فەرموویەتی : " **إني رأيتكن أكثر أهل النار** " (71) .

واتە : ئەی كۆمەڵی ئافرەتان لە كاتی شەوڕەویمدا بینیم ئێوە زۆرینەی ئەهلی دۆزەخ بوون .

ئایا حەز دەكەی كە تۆ لە ئەهلی دۆزەخ بیت ؟!

---

(70) **صححه العلامة الألباني في : ( صـحيح وضـعيف الجـامع الصـغير : 2234 ) ، وفي ( الصحيحة : 494 ) ، بلفظ : " إن من ورائكم أيام الصبر ، للمتمسك فيهن يومئذ ـ بما أنـتم عليه ـ أجر خمسين منكم ، قالوا : يا نبي الله ! أو منهم ؟! قال : بل منكم " ، وقـال : وورد بلفظ : " خمسين شهيدا منكم " ، وفي إسناده ابن عامر و هو ضعيف ، وله شاهد آخر اسـناده حسن ، وشاهد آخر من حديث أنس رضي الله عنه .**

(61) **( مسلم : 79 ) .**

هەروەها ئەو فەرموودەیەی کە فەرموویـەتی : **" إن أقل ساكني الجنــة النساء "** [72] .

واتە : کەمترینی ئەهلی بەهەشت ئافرەتانن .

وە بەردەوام ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە بخەرە پێش چاوی خۆت کە دەفەرموێت : ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَى وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَى ﴾ [73] .

واتە : سەبارەت بەوانەی کە سەرکەشن و لە سنوری خۆیـان دەرچـوون ، و دونیایان پێش خستووە ، و دەیدەن بە سەر دوارۆژیاندا ، ئـەوا جێگـا و ئاکامیان دۆزەخە .

جا ئەگەر دڵت نەترسا و نەهاتـە جووڵـە بـۆ گوێڕایـەڵی کردنـی خـوای گەورە پێش ئەوەی ئەجەلی دیاریکراوت کۆتایی پێ بێت ، ئەوا بێگومان تـۆ لە مردووانی ، خوای گەورە فەرموویـەتی : ﴿ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ ﴾ [74] .

واتە : کوێر بوونی زیان بەخش کوێر بوونی دڵەکانە کە لە سینگ دان ، نەك کوێر بوونی چاوەکان ، کوێر بوونی دڵەکان نابینـا بوونیانـە لـە ئاسـتی ڕەوایدا ، هەروەکو چۆن چاوەکان شتە بینراو و بەرجەستەکان نابینن .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ
والصلاة والسلام على نبيِّنا محمد رسول الله

---

[62] **صححه العلامة الألباني** في : **( صحيح وضعيف الجامع الصغير : 1574 ) .**
[63] **( سورة النازعات : 37 ـ 39 ) .**
[64] **( سورة الحـج : 46 ) .**

**خوشكەكەم :**

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :**

**" كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى " ، قيل :**

**يارسول الله ! ومن يأبى ؟ قال : " من أطاعني دخل الجنة ،**

**ومن عصاني فقد أبى "** ( **رواه البخاري : 7280** ) .

**واتە :** هەموو ئوممەتەكەم

دەڕۆنە بەهەشتەوە ئیللا كەسێك نەبێت كە

خۆی نایەوێت ، **ووتیان :** ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ كەس

هەیە نەیەوێت بڕواتە بەهەشتە ؟! ئەویش فەرمووی

: هەر كەسێك گوێڕایەڵیم بكات ئەچێتە

بەهەشتەوە ، ئەوەش كە سەرپێچیم

بكات نایەوێت .